


# پوختەی ناوەڕۆکی خولەکە




ئەگەر کێشەت هەبوو لە سکانکردن : کلیك بکە لە ماڵپەر

https://awazhome.com/

ئەگەر گومانتان هەیە کە لە قەیرانێکی گەورەی فرۆشتندان، تەنها لە مێشکی خۆتاندا وەڵامی ئەم 5 خاڵە بدەنەوە:

- **کەمبوونەوەی توانای کڕین:** ئایا تێبینی ئەوەتان نەکردووە کە بەهۆی هەڵاوسانەوە گیرفانی کڕیارەکانتان خاڵی بووە و وەک جاران پارەی کاشیان بەدەستەوە نەماوە؟
- **ترس و سستی لە بڕیارداندا:** ئایا کڕیارەکانتان زیاتر لە جاران ناڵێن "با بزانین دۆخەکە چی لێدێت، دواتر دەیکڕین" و پارەکانیان ناکەن بە ئاڵتوون و دراوی قورس لەبری خەرجکردنی؟
- **تێکچوونی کەناڵەکانی پەیوەندی:** ئایا پچڕان و سنووردارکردنی کەناڵی سنوری وڵاتان و رێڕەوی گواستنەوە و ئینتەرنێت کاریگەریی نەرێنیی ڕاستەوخۆی نەکردووەتە سەر ڕێژەی فرۆشتنی ڕۆژانەتان و پەیوەندیتان بە کڕیارەکانەوە؟
- **گۆڕانی پێشینەکانی کڕیار:** ئایا هەستتان نەکردووە کە کڕیارەکانتان ئێستا کڕینەکانیان دوادەخەن و تەنها پێشینە بەو شتانە دەدەن کە بۆ مانەوەیان زۆر پێویستە؟
- **دوورکەوتنەوە لە تارگێتەکان:** ئایا لەم ماوەیەی دواییدا بەدیهێنانی تارگێتەکانی فرۆشتنتان زۆر سەخت نەبووە و نیگەرانی نەبوونی فرۆش و نەگەڕانەوەی چەکەکانی بازاڕ نین؟

# فرۆشتن لە دۆخی قەیران و بێ بازاڕییدا

## ناساندنی چەمکی قەیران

قەیرانی سیاسی و حکومی و دەوڵەت و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سروشتی و کارەسات و ...

قەیرانی ناوخۆیی بزنس : ڕۆیشتنی مەندوبی کلیلی ، شەراکەت ، ئاگرکەوتنەوە و کشانەوەی پشك و زیانی سەرمایە و....

قەیرانی بازار و کڕیار : گۆڕینی ڕەفتار ، ڕکابەری ، مەوادی شوێنگرەوە و ...

**پوختەیەکی زۆر کورتی ئەو بەشە:** ئەم خولە ستراتیژییەکانی مانەوە و گەشەکردنی فرۆشتن لە کاتی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا ڕوون دەکاتەوە. تیشک دەخاتە سەر تێگەیشتن لە دەروونناسیی کڕیار، دوورکەوتنەوە لە هەڵە باوەکان، و بەکارهێنانی شێوازی "فرۆشتنی ڕاوێژکارانە" لە ڕێگەی سیستەمێکی 6 قۆناغی و 9 هەنگاوی کردارییەوە.

## یەکەم: کێشەکانی بازاڕ و گۆڕانی ڕەفتاری کڕیار

### خاڵە گرنگەکان

- **کەمبوونەوەی توانای کڕین:** بەرزبوونەوەی هەڵاوسان و جێگیریی داهاتەکان.
- **زیادبوونی مەترسیی بڕیاردان:** ترسی کڕیار لە خەرجکردنی پارە و گۆڕینی سەرمایە بۆ دراوی قورس یان ئاڵتوون.
- **تێکچوونی کەناڵەکانی فرۆشتن:** سنووردارکردنی کەناڵەکانی گواستنەوە و ئینتەرنێت و زیانگەیاندن بە بزنسەکان، بەتایبەت بزنسە بچووکەکان کە بزوێنەری ئابوورین.
- **گۆڕانی پێشینەکانی کڕیار:** کڕیار لە قەیراندا کڕینەکانی دوادەخات و بەدوای کڕینی "ئاسایش"دا دەگەڕێت.

**پوختە:**لە کاتی قەیراندا، دەروونناسیی کڕیار دەگۆڕێت؛ متمانەی کەم دەبێتەوە و پرۆسەی بڕیاردانی خاو دەبێتەوە. فرۆشیار دەبێت تێبگات کە کڕیار ئێستا تەنها ئەو شتانە دەکڕێت کە هەستی ئاسایشی پێ دەبەخشن و مەترسییەکانی کەم دەکەنەوە.

**نموونە:**کڕیارێک کە پارەکەی کردووە بە ئاڵتوون بۆ ئەوەی بەهاکەی دانەبەزێت، دەترسێت بیفرۆشێت بۆ کڕینی بەرهەمێک، چونکە نایەوێت سەرکێشی بە سەرمایەکەیەوە بکات.

### نموونە لە بیزینسە جیاوازەکان

- **دابەشکردنی مەوادی خۆراکی:** کڕیاران زیاتر کاڵا بنەڕەتییەکان دەکڕن کە هەستی دڵنیاییان بۆ دابین دەکات بۆ داهاتوو، نەک خۆراکی زیادە.
- **دابەشکردنی پاککەرەوە:** فرۆشگاکان دەترسن بڕێکی زۆر بکڕن، بۆیە داوای قەبارەی بچووکتر دەکەن بۆ کەمکردنەوەی مەترسی.
- **دابەشکردنی کارەبایی:** کڕیار کڕینی ئامێرە کارەباییە گرانبەهاکان دوادەخات مەگەر بۆ پێداویستییەکی زۆر کتوپڕ نەبێت.
- **دابەشکردنی خۆراکی تەندروستی:** خەڵک پێشینە دەدەن بەو بەرهەمانەی کە سیستەمی بەرگرییان بەهێز دەکات (کڕینی ئاسایشی تەندروستی).

**پوختەی بابەت**

- قەیران وا دەکات توانای کڕین کەم ببێتەوە و کەناڵەکانی فرۆشتن تێکبچن.
- کڕیاران لە بڕیاردان دەترسن و بڕیارەکانیان خاو دەبێتەوە.

**واتای چییە؟** لە باری ئاساییدا، کڕیار کاڵایەک دەبینێت، حەزی لێ دەکات و دەیکڕێت. بەڵام لە قەیراندا مێشکی کڕیار پڕ دەبێت لە پرسیاری ترسناک: "ئەی ئەگەر پارەم لێ ببڕێت؟"، "ئەی ئەگەر سبەینێ دۆلار بەرزتر ببێتەوە؟"، "ئەی ئەگەر نەخۆش بکەوم و پارەی کاشم نەبێت؟". ئەم ترسە وا دەکات پرۆسەی کڕینێک کە جاران یەک ڕۆژی دەویست، ئێستا مانگێک بخایەنێت.

گەنجێک دەچێتە بازاڕ، لاپتۆپێکی ٦٠٠ دۆلاری دەبینێت، یەکسەر پارەکە دەدات و دەیکڕێت.

لە کاتی قەیراندا : سێ جار دەچێتە دوکانەکە، پرسیار دەکات، دەگەڕێتەوە ماڵەوە، چاوەڕێی دابەزینی نرخ دەکات و بڕیارەکە دوادەخات بۆ دوو مانگی تر.

پێشتر خێزانێک دەیویست تاقمێکی قەنەفە بگۆڕێت، تەنها لەبەر ئەوەی مۆدێلەکەی کۆن ببوو. ئێستا دەڵێن "قەنەفەکەمان هێشتا کاری پێ دەکرێت، با ئەو پارەیە بکەین بە ئاڵتوون یان بیهێڵینەوە بۆ ڕۆژی ڕەش.".

- لە قەیراندا، خەڵک "ئاسایش" دەکڕن نەک تەنها بەرهەم.

**واتای چییە؟** کاتێک خەڵک لە ترسی داهاتوو دەژین، ئیتر گرنگی بە ڕەنگ، مۆدێل، یان تایبەتمەندییە زیادەکانی بەرهەمەکە نادەن. ئەوان شتێک دەکڕن کە هەستی "**دڵنیایی و سەلامەتی و ئاسایش**"یان پێ ببەخشێت. ئەگەر بتەوێت شتیان پێ بفرۆشیت، دەبێت پێیان بسەلمێنیت کە ئەم بەرهەمە مەترسییەکانیان کەم دەکاتەوە.

**ئاسایشی دارایی:**کڕیارێک دەیەوێت ساردکەرەوەیەک (سەلاجە) بکڕێت. دوو جۆر هەیە: یەکێکیان شاشەی زیرەکی هەیە، ئەوی تریان شاشەی نییە بەڵام "٥ ساڵ گەرەنتیی گۆڕین و چاککردنەوەی بێبەرامبەری هەیە". لە قەیراندا، کڕیارەکە دووەمیان هەڵدەبژێرێت. لێرەدا ئەو تەنها سەلاجەی نەکڕی، بەڵکو "ئاسایش"ی کڕی؛ واتە دڵی ئیسراحەتی کرد کە تا ٥ ساڵی تر ئەگەر بارودۆخیش خراپ بێت، پێویست ناکات پارە بە چاککردنەوەی سەلاجە بدات.

## دووەم: هەڵەی فرۆشیارەکان لە بارودۆخی ناڕووونیدا

### خاڵە گرنگەکان

- **وەستاندنی فرۆشتن:** ترس لە زویربوونی خەڵک یان بیرکردنەوە لە نەمانی قازانج.
- **فرۆشتنی پڕفشار:** ڕیکلامکردنی زیاد لە پێویست و دروستکردنی فشاری زۆر لەسەر کڕیار.
- **بڵاوکردنەوەی وزەی نەرێنی:** قسەکردنی زۆر لەسەر قەیرانەکان و دووبارەکردنەوەی هەواڵە خراپەکان.
- **گوێگرتنی کەم:** لەدەستدانی سەرنج و ئارامی بەهۆی فشاری دەروونییەوە، کە وا دەکات فرۆشیار نەتوانێت بە باشی گوێ بگرێت.
- **سەنتەربوون لەسەر بەرهەم:** گرنگینەدان بە کێشەی ئێستای کڕیار و پێداگری لەسەر شێوازی پێشووی فرۆشتن و دواتر سکاڵاکردن لە بازاڕ.

### پوختە

لە کاتی ناڕوونیدا، هەندێک فرۆشیار بە تەواوی دەکشێنەوە و هەندێکی تریش پەنا دەبنە بەر فشاری زۆر بۆ فرۆشتن. باشترین کار ئەوەیە کە فرۆشیار وەک "ڤایرۆس" هەواڵی نەرێنی بڵاونەکاتەوە، کەمتر قسە بکات و زیاتر سەرنج بخاتە سەر گوێگرتن لە کێشەکانی کڕیار.

### نموونە

فرۆشیارێک لەبری ئەوەی یارمەتیی کڕیار بدات، نیو کاتژمێر باسی خراپیی بارودۆخی وڵات دەکات بۆ ئەوەی گوایە سەرنجی کڕیار ڕابکێشێت، کە ئەمەش مێشکی کڕیار زیاتر تێکدەدات و ڕێگری لە فرۆشتن دەکات.

## نموونە لە بیزینسە جیاوازەکان

- **دابەشکردنی مەوادی خۆراکی:** نوێنەری فرۆشتن بەردەوام بە دوکاندارەکان دەڵێت "هەموو شتێک گران دەبێت"، ئەمەش وا دەکات دوکاندارەکە بترسێت و پارەکەی هەڵبگرێت لەبری کڕین.
- **دابەشکردنی پاککەرەوە:** وەستاندنی دابەشکردن بە بیانووی ناجێگیری نرخ، کە دەبێتە هۆی لەدەستدانی متمانەی کڕیاران و پچڕانی ڕیتمی کار.
- **دابەشکردنی کارەبایی:** فشار خستنە سەر بەڵێندەران بۆ کڕینی بڕێکی زۆر لە کاتێکدا ئەوان کێشەی نەختینەییان هەیە.
- **دابەشکردنی خۆراکی تەندروستی:** باسی نەخۆشی و کێشە تەندروستییەکان بکەیت بە مەبەستی ترساندنی کڕیار بۆ کڕین، کە دەرئەنجامی پێچەوانەی دەبێت لە قەیراندا.

## پوختەی بابەت

- ڕاگرتنی فرۆشتن و فرۆشتنی بە زۆر، دوو هەڵەی کوشندەی کاتی قەیرانن.
- بڵاوکردنەوەی هەواڵی نەرێنی، متمانە و وزەی کڕیار لەناو دەبات.
- نەبوونی ئارامیی دەروونی وا دەکات فرۆشیار نەتوانێت بە باشی گوێ بگرێت.

## سێیەم: سیستەمی 6 قۆناغی فرۆشتنی ڕاوێژکارانە

### خاڵە گرنگەکان

- ١. هەڵبژاردنی کڕیاری دروست: کارکردن لەسەر کڕیارە گەرم و گەرموگوڕەکان کە ئارەزوو و متمانەیان هەیە، و وازهێنان لە کڕیارە ساردەکان.

سەرنج بدە تەنها لەسەر ئەو کڕیارانەی کە متمانەیان پێتە و پێشتر کڕینی بەردەوامیان هەبووە، نەک کات بەفیڕۆدان بەدوای کڕیاری سارددا.

- ٢. دروستکردنی پەیوەندی و هاوسۆزی: گوێگرتن بێ بڕیاردان و تێگەیشتن لە باری دەروونی و سۆزداریی کڕیار.

پرسیار لە فرۆشگاکە بکە بزانە چ بەرهەمێک ئێستا خێراتر دەفرۆشرێت، پاشان تەنها ئەو بەرهەمانەی پێ بدە تا مەترسیی لەسەر نەبێت.

- ٣. دۆزینەوەی پێداویستی: پرسیارکردنی زۆر و گوێگرتنی قووڵ بۆ تێگەیشتن لە پێشینە و بیرکردنەوەی ئێستای کڕیار.
- ٤. ڕازیکردن: بەستنەوەی بەرهەمەکە بە پێداویستیی کڕیار بۆ ئاسایش و سەلماندنی ئەوەی کڕینی ئێستا پێویستە و بەهای زیاترە.
- ٥. دروستکردنی پەیوەندیی قووڵتر: پێشکەشکردنی بەهای زیاتر و پاڵپشتیکردن بە کردار دوای ئەوەی فرۆشتنەکە ئەنجامدرا.

ڕازییان بکە کە کڕینی گڵۆپە وزەبەخشەکان ئێستا، تێچووی مانگانەیان کەمدەکاتەوە، کە ئەمەش ئاسایشی داراییان پێ دەبەخشێت.

- ٦. فراوانکردنی هاوکاری: ڕەخساندنی هەلی پێشنیارکردنی کاڵای نوێ یان کڕینی زیاتر لەلایەن کڕیارەوە بەهۆی دروستبوونی متمانە.

دوای فرۆشتن، پەیوەندی بە دەرمانخانە یان مارکێتەکەوە بکە بزانە کاڵاکان چۆن ڕیزکراون و یارمەتییان بدە لە دانان و ڕێکخستنیان.

## پوختە

"فرۆشتنی ڕاوێژکارانە" پڕۆسەیەکە کە تێیدا فرۆشیار یارمەتیی کڕیار دەدات بۆ ئەوەی باشترین بڕیار بدات. لەم سیستەمەدا، فرۆشیار وەک ڕاهێنەرێک (Coach) پرسیار دەکات و گوێ دەگرێت تا مێشکی کڕیار ئارام ببێتەوە. کاتێک متمانە دروست بوو، ڕازیکردن ئاسان دەبێت و پەیوەندییەکی درێژخایەن بنیات دەنرێت کە دەگاتە فراوانکردنی کارەکان.

## نموونە

لەبری ئەوەی بە کڕیار بڵێیت "ئەمە بکڕە"، لێی بپرسە "ئێستا گەورەترین ئاڵنگاریت چییە و ئەگەر چارەسەر نەکرێت چی دەبێت؟" بەمەش کڕیار بە لۆژیک بیر دەکاتەوە و بەبێ ئەوەی هەست بە زۆرلێکردن بکات، گرنگیی کڕینەکە دەبینێت.

## پوختەی بابەت

- سەرچاوەکانت (بەتایبەت کات) تەنها بۆ کڕیارە گەرم و ئامادەکان تەرخان بکە.
- بە پرسیارکردن و بێ قەزاوەتکردن گوێ بگرە بۆ ئەوەی متمانە دروست بکەیت و پێداویستییەکان بدۆزیتەوە.
- فرۆشتن ڕووداوێکی یەکجارە نییە، بەڵکو پڕۆسەیەکە لە هاوسۆزییەوە دەست پێدەکات و بە فراوانکردنی هاوکاری کۆتایی دێت.

## چوارەم : پەیامی فرۆشتن و دروستکردنی متمانە

### خاڵە گرنگەکان

- **تۆنی پەیام:** لە قەیراندا، تۆن و ئاوازی پەیامەکە گرنگترە لە خودی پەیامەکە؛ دەبێت پڕ بێت لە ڕێز و تێگەیشتن و هاوسۆزی.
- **هاوکێشەی پەیامی فرۆشتن:** پێکدێت لە چوار هەنگاو: هاوسۆزی -> پێناسەکردنی کێشە -> دروستکردنی ڕێگاچارە -> بانگهێشتکردن بۆ کردار (CTA).
- **شەفافیەت:** پێشکەشکردنی پەیامێکی زۆر سادە و ڕوون و بێ پێچ و پەنا بۆ دروستکردنی متمانە.
- **بەردەوامی لە هەڵسوکەوت:** مانەوە لەگەڵ کڕیار و پێدانی بەرهەم تەنانەت لە سەختترین کاتەکانیشدا، کە نیشانەی براندبوونە.

### پوختە

هەر پەیامێکی ڕیکلامی لە کاتی قەیراندا دەبێت بە هاوسۆزی دەست پێبکات بۆ ئەوەی دەروونی کڕیار نەخرێتە باری بەرگرییەوە یان بە نەرێنی لێکی نەداتەوە. متمانەش تەنها بە قسە دروست نابێت، بەڵکو بە شەفافیەت و بەردەوامیدان بە خزمەتگوزارییەکان دروست دەبێت بێ گوێدانە خراپی و مەترسییەکانی بازاڕ.

**نموونە**

(هاوسۆزی): "دەزانم لەم بارودۆخەدا بڕیاری وەبەرهێنان قورسە." (کێشە): "زۆر کەس نیگەرانی کەمبوونەوەی فرۆشن." (ڕێگاچارە): "من سیستەمێکم هەیە یارمەتیت دەدات بزنسەکەت بپارێزیت." (بانگهێشت): "ئەگەر حەز دەکەیت با کۆبوونەوەیەک بکەین بۆ هەڵسەنگاندنی بزنسەکەت.".

**نموونە لە بیزینسە جیاوازەکان**

- **دابەشکردنی مەوادی خۆراکی:** پەیام بنێرە: "دەزانم نرخی شتەکان ناجێگیرە، ئێمە لێرەین بە هەمان ڕێژەی قازانجی پێشوو کاڵاکان بۆت دابین بکەین. با قسە بکەین."
- **دابەشکردنی پاککەرەوە:** بەردەوامبە لە دابینکردنی کاڵا تەنانەت ئەگەر دۆلار بەرزیش بووەوە، بۆ ئەوەی بەردەوامی لە ڕەفتارتدا بسەلمێنیت بە کڕیار.
- **دابەشکردنی کارەبایی:** بە ڕوونی (شەفافیەت) بە کڕیار بڵێ کە گۆڕانکاریی نرخەکان لە کارگەکانەوەیە، بەڵام ئێمە ڕێگاچارەی قیستمان بۆ داناون بۆ یارمەتیدانتان.
- **دابەشکردنی خۆراکی تەندروستی:** "دەزانم هێزی کڕینی خەڵک بۆ بەرهەمە تەندروستییەکان کەم بووەتەوە، بۆیە پاکەتی بچووکترمان هێناوە، دەتوانیت تاقییان بکەیتەوە."

**پوختەی بابەت**

- پەیامی ڕیکلامی بەبێ هاوسۆزی و تۆنێکی گونجاو، کڕیار تووڕە دەکات و پەیوەندییەکان دەپچڕێنێت.
- هاوکێشەی ٤ هەنگاوی (هاوسۆزی، کێشە، چارەسەر، بانگهێشت) باشترین ڕێگایە بۆ داڕشتنی پەیام لە کاتی قەیراندا.
- بەردەوامی لە هەڵسوکەوت و شەفافیەت، بناغەی سەرەکی دروستکردنی متمانەن لە دۆخی نارۆونیدا.

## پێنجەم : بەبازاڕکردنی فرەکەناڵی و گەڕانەوە بۆ کڕیارە کۆنەکان

### خاڵە گرنگەکان

- **مەترسیی ژمارە یەک:** پشتبەستن بە تەنها یەک کەناڵی فرۆشتن، یەک کڕیار یان یەک دابینکەر (وەک تەنها پشت بەستن بە ئینستاگرام) گەورەترین مەترسییە بۆ بزنس.
- **کەناڵە جێگرەوەکان:** بەکارهێنانی تەلەفۆن، پەیامبەرەکان، کورتەنامە (SMS)، فرۆشتنی ڕێکخراوەیی (B2B)، بریکارنامە، فرۆشتنی ڕووبەڕوو، پێشانگا، و ڕاسپاردن (Referral).
- **گەڕانەوە بۆ کڕیاری کۆن (Retargeting):** لە قەیراندا هاوکێشەی دۆزینەوەی کڕیار پێچەوانە دەبێتەوە؛ دەبێت ٧٠٪ی وزە و کات بخرێتە سەر چالاککردنەوەی کڕیارە کۆنەکان و تەنها ٣٠٪ بۆ مانەوە لە بازاڕ.

### پوختە

هەموو هێلکەکانت مەخەرە یەک سەبەتەوە؛ بەبازاڕکردنی فرەکەناڵی (Omnichannel) زۆر پێویستە بۆ مانەوە ئەگەر کەناڵێکی وەک ئینتەرنێت تێکبچێت. خێراترین و هەرزانترین ڕێگاش بۆ بەدەستهێنانی داهات لە کاتی ناڕوونیدا، پەیوەندیکردنە بەو کڕیارانەی پێشتر کڕینیان کردووە و متمانەیان پێ کردوویت.

### نموونە

فرۆشگایەکی جلی منداڵان کاتێک ئینتەرنێت بڕدرا، لە ڕێگەی دەفتەرێکی کۆنەوە کە ژمارەی ٨٠٠ کڕیاری کۆنی تێدا بوو، تەلەفۆنی بۆ کردن و تەنها هەواڵی پرسین بەبێ ئەوەی داوایان لێ بکات شت بکڕن، کە ئەمەش بووە هۆی فرۆشتنێکی باش و ڕزگارکردنی بزنسەکەی.

### نموونە لە بیزینسە جیاوازەکان

- **دابەشکردنی مەوادی خۆراکی:** ئەگەر دابەشکردنی نێوان شارەکان قورس بوو، کار بکە لەسەر کەناڵی فرۆشتنی ڕێکخراوەیی (B2B) بۆ چێشتخانە و هۆتێلەکانی ناوخۆی شار.
- **دابەشکردنی پاککەرەوە:** بریکارنامە (وەکالەت) بدە بە کۆمپانیا بچووکەکانی ناوچە جیاوازەکان بۆ ئەوەی ڕێگای فرۆشتنت فرەکەناڵی بێت.

- **دابەشکردنی کارەبایی:** تەلەفۆن بۆ وەستاکانی کارەبا و ئەندازیارە کۆنەکانت بکە (کڕیاری کۆن) و پێشنیاری تایبەتیان پێ بدە.
- **دابەشکردنی خۆراکی تەندروستی:** داوا لەو کڕیارانە بکە کە سوودیان لە بەرهەمەکان بینیوە، بۆ ئەوەی بەرهەمەکانت بە خەڵکانی تر بناسێنن (ڕاسپاردن - Referral).

**پوختەی بابەت**

- هەرگیز پشت بە یەک کەناڵی پەیوەندی یان فرۆشتن مەبەستە، چونکە ژمارە یەک مەترسیدارترین ژمارەیە لە بزنسدا.
- کڕیارە کۆنەکان ئامادەترن بۆ کڕین و کات و تێچووی کەمتریان دەوێت بۆ ڕازیکردن.
- فرۆشتنی B2B (ڕێکخراوەیی) دەتوانێت خێراترین ڕێگا بێت بۆ دابینکردنی نەختینەیی لە قەیراندا بۆ پڕکردنەوەی تێچووەکان.

## شەشەم: 9 هەنگاوی گرنگ بۆ تێپەڕاندنی قەیران

**خاڵە گرنگەکان**

- ١. پاککردنەوەی بۆریی فرۆشتن (Pipeline): لادانی کڕیارە بێکەڵکەکان کە کات دەگرن و ناگونجێن، بۆ کردنەوەی ڕێگا بۆ کڕیارە دروستەکان.
- ٢. سوپاسگوزاری: پاککردنەوەی مێشک لە بیرکردنەوەی نەرێنی بۆ ئارامکردنەوەی دەروون و کردنەوەی دەرگای ڕزق و ڕۆزی.
- ٣. داڕشتنی پێشنیاری فرەئاست: دانانی نرخی جیاواز (وەک هێڵە ئاسمانییەکان) و دروستکردنی قەبارەی بچووکتر و هەرزانتر بۆ بەرهەمەکان.

(هەنگاوی ٣) دانانی پاکێجی (زێڕین، زیوین، برۆنزی) بۆ مارکێتەکان تا بەپێی بودجە و توانایان بتوانن داواکاری بکەن.

- ٤. کەمکردنەوەی مەترسیی کڕین: پێدانی گەرەنتی یان نموونەی تاقیکاری (دیمۆ) بۆ لادانی ترسی کڕین لەسەر کڕیار.
- ٥. پارەدانی قۆناغ بە قۆناغ: ڕەخساندنی هەلی قیست بۆ کڕیاران تا ئاسانتر بتوانن بڕیار بدەن.

(هەنگاوی ٤ و ٥) پێدانی مۆڵەتی گەڕاندنەوەی ئەو کاڵایانەی بەسەرچوونیان نزیکە بۆ کەمکردنەوەی مەترسی، و ڕێکەوتن لەسەر قیستی هەفتانە لەگەڵ مارکێتەکان.

- ٦. چالاککردنەوەی کڕیارە کۆنەکان: داڕشتنی سیناریۆیەکی تایبەت و پەیوەندیکردن بە لیستی کڕیارەکانی ڕابردوو.
- ٧. هەڵمەتی بۆنەکان (کەمپەین): دروستکردنی کەمپەین بۆ بۆنەکانی وەک نەورۆز و ڕەمەزان بێ گوێدانە کەشی خەمۆکی و نەرێنیی بازاڕ.

(هەنگاوی ٧) ڕێکخستنی کەمپەینێکی تایبەت بۆ پێش هاتنی بۆنەکان (وەک ڕەمەزان) بۆ فرۆشتنی بەکۆمەڵی پاککەرەوەکان بە داشکاندن.

- ٨. ڕیتمی فرۆشتن و فرەکەناڵی: هەبوونی بەرنامەی ڕۆژانە بۆ پەیوەندی تەلەفۆنی، سەردان، و ئیمەیڵ بێ پچڕان. دانانی ڕیتمێک کە ڕۆژانە دەبێت نوێنەری فرۆشتن تەلەفۆن بۆ ١٠ پرۆژەی نوێی بیناسازی بکات بێ پچڕان.
- ٩. پێوانەکردن: بەدواداچوونی ڕۆژانە بۆ ئامانجەکان و دوورکەوتنەوە لە بێکاری کە وێرانکەری وزە و مێشکە. پێوانەکردنی کارەکانی ڕۆژانە و چاودێری کردن کە ئایا جێبەجێکردنەکان بە باشی دەڕۆن.

**پوختە**

مانەوە لە کاتی قەیراندا پێویستی بە ئەنجامدانی گۆڕانکاریی خێرا هەیە. دەبێت فرۆشیار نەرم بێت؛ پێشنیاری جۆراوجۆر و شێوازی پارەدانی ئاسان دابین بکات، خۆی لە کڕیارە بێسوودەکان بەدوور بگرێت، و ڕۆژانە بە پێوانەیەکی وردەوە بەردەوام بێت لە کارکردن بۆ ئەوەی ڕیتمی فرۆشتنی لەدەست نەچێت و دوور بێت لە بێکاری.

**نموونە**

کۆمپانیایەکی دروستکردنی عەتر، لەبری سووربوون لەسەر فرۆشتنی عەتری ١٠٠ مل بە نرخێکی گران لە سەردەمی قەیراندا، دەستی کرد بە دروستکردنی عەتری ٣٠ مل (پێشنیاری فرەئاست)، کە ئەمەش نەک تەنها فرۆشەکەی پاراست، بەڵکو بووە هۆی زیادبوونی لە کاتی قەیراندا.

**پوختەی بابەت**

- کات و وزەت بپارێزە بە لابردنی بەربەستەکان و ئەو کڕیارانەی کە لە بۆریی فرۆشتنەکەدا ماونەتەوە و کڕین ناکەن.
- گونجاندنی شێوازی پارەدان و قەبارەی بەرهەمەکان، نهێنیی کەمکردنەوەی مەترسی و مانەوەن لە قەیراندا.
- بێکاری و لەدەستدانی ڕیتمی فرۆشتن گەورەترین دوژمنی دەروون و داهاتی بزنسن، بۆیە دەبێت ڕۆژانە کارەکان پێوانە بکرێن.

بۆ ئاگاداربوون لە کارو چالاکییەکانمان:

